# دەست ڕەنگینی بۆ دروست کردنی دەسکەگوڵ







کاری دەستی، یەکێکە لەو هەنگاوە جوانانەی لەلایەن خانمان ئەنجام دەدرێ، بۆ بەدیهێنانی بیرۆکەیەك لە دروست کردنی کەرەستەیەکی جوان، لە چەند کەرەستەیەکی بێ سوود یان بەسوود، خانمان دەتوانن ئەو کارە بکەن، لەو کاتەی کە پشوویان دەبێ لە ئەرکی ماڵدا، جگە لەوەی شتێك دروست دەکرێ، هەروەها کاتێکی خۆش بەسەر دەبردرێ لەکاتی ئەنجام دانی کارێکی دەستی لەم جۆرە، لەم کارەدا باس لە دەست ڕەنگینی خانمان دەکەین بۆ دروست کردنی چەند گوڵێکی جوان لە گەڵای وشککراوە یان وەریوی دار و بار، لەسەرەتادا گەڵای دارێك دەهێنین و جوان پاکی دەکەینەوە، پاشان دێین ئەو گەڵایە بۆ لایەك دەچەمێنینەوە، دواتر وەك شێوەی بازنە بۆ یەکتری دەهێنینەوە، ئینجا گەڵایەکی دیکەی لەو گەڵایەی پێشووتردا دادەپۆشین، بۆ ئەوەی شێوەی پەڕپەڕەی گوڵ دروست بکات، لە دوای ئەوە بە داوێك خوارەوەی هەردوو گەڵایەکە دەبەستین و بەم جۆرە چەندین جۆرە گوڵ دروست دەکەین، لە کۆتاییشدا هەر ئەو گوڵانە لەگەڵ یەکتر دەبەسترێتەوە و دەبن بە دەستە گوڵێکی جوان بە ڕێگەی کاری دەست ڕەنگینی خانمان.



## کراسی فرەڕەنگی کوردی

کا ر یگە ر یـی
ڕەنگ لەسەر جلوبەرگ زیاترە لە کاریگەریی نەخش و دیزاین و شێوەی جل، بەهۆی ئەوەی ڕەنگ سنووری جوانی ئەو کەرەستەیە دیاری دەکات و لە هەنگاوێکی گرنگتری بۆی دەنوێنێ، لەو کاتەی کە ڕەنگ ئەرکی خۆی دەردەخات، بە هەمان ئەو ئاستەی نەخش و دیزاینەکە کاریگەری زیاتری دەبێ، بەهۆی ئەوەی ڕەنگ کارامەیی لە جوانی و شێوازی جلەکە لە شێوازێکدا دەنوێنێ، هەر بۆیەش لە کراسی کوردیدا گرنگییەکی تەواو بە ڕەنگ دەدرێ، لە ڕێچکە سەرەکییەکانی جوانی ڕەنگ ئەوەیە، کاتێك زیاتر لە دوو ڕەنگ لە کراسێکدا بەکاردەهێنرێ، ئەمەش بە زیاتر دەرخستن و ئامادەکاری لە جوانییەکی پڕ مانا و بایەخ، لە جوانی کراسی کوردیشدا ئەو لایەنە بە زەقی دەبینرێ، لەوەی زیاتر جلوبەرگی کوردی بە ڕەنگەکانەوە پەیڕەو بکەن و لە هەمان کاتیشدا، نەخش و دیزاین و شێوەی جلەکەش پابەندە بە ڕێکخستن و گونجاندنی لەگەڵ ئەو ڕەنگەی لێی ئامادەدەکرێ، بە جۆرێك پێویستی بە چەندین لایەن هەیە تا ئەو ڕەنگە شایستەی جلەکە بێ، تێکەڵ کردنی چەند ڕەنگێك بۆ جوانی کراسی کوردی بیرۆکەیەکی گونجاوە و بەمەش کراسێکی فرەڕەنگی جوانمان بۆ بەدی دەبێت.



# هەڵبژاردنی کراسی نیشان و مارەبڕین



کچان و خانمان لە کاتی نزیک بوونەوە بۆ ئاهەنگی نیشـــان و مارەیی، تووشـــی شۆك بوون دەبن، لە کاتێکدا دەبێ لەم کاتەدا بە هێمنی و بیرۆکەیەکی جوان کارەکانیان جێبەجێ بکەن و ئەمەش لە ســـەرکەوتوویی هەڵبژاردنی کارەکانە، بەم جۆرە دەگەین بە شێوازێکی تایبەتمەند و شیاو لە ڕێگەی ئامادەکاری بۆ کەرەستەکان، کاتێك خانمان بیر لە هەڵبژاردنی پێویستی و کەرەستەکان دەکەنەوە، هەنگاوێکی گرنگ لێرەدا دەردەکەوێ، ئەویش چ جۆرە جلێك یان شێوازێك بۆ کەرەستە و جلوبەرگ ئەنجام بدەن، لە ڕێگەی هەڵبژاردنی شێوازی جۆراوجۆری کەرەستەکان، خانمان دووچاری شێواندن دەبنەوە یان هیچ کەرەســـتە و جلێکیان بە دڵ و پێ جوان نابێ لەو کاتە، ســـەرەکیترین بیرۆکەی بۆ چارەسەری ئە و لایەنەیە، کاتێك کچان جلێك یان کراســـێکیان پێ جوانە، دەبێ لەلایەن خۆیانەوە وەك یاداشـــتێك بینووسن یان هەردەم لەبەرچاو و لە دڵیاندا بێ، ئەوەش لە کاتی هەڵبژاردنی کراســـی نیشـــان یان مارەبڕیندا ڕوودەدات، بە تایبەت کاتێك ناتوانن یان دوو دڵ دەبن لە هەڵبژاردنی ئەو کراسە، لێرەدا چەندین شێوازی جوراوجۆر بە وێنە ئامادە دەکەین تاوەکو یەکێك لەو شێوازە وەك هەڵبژاردنێکی دروست بۆ ڕۆژی ئاهەنگ دابین بکەن.

# ملوانکەی جوان و ناسک

ملوانکە یان ئێکســـسواری مل، بەهایەکی جوانی هەیە کاتێك لە مل دەکرێ، یان بە شـــێوازێکی جوان و ڕازاوە لە کەرەســـتەیەکی ناسکدا دادەنرێ تاوەکو بپۆشرێ، شـــێوازی ئێکسسوارەکانی مل و ملوانکە هەردەم دەدرەوشێنەوە، بەهۆی ئەوەی لە شوێنێکی جوان و بەرچاو لەبەر دەکرێن، جوانی ئێکسسواری ملوانکە نەك تەنیا مل جوان دەکات، تەنانەت جوانییەکی دیکەش دەبەخشـــێتە ئەو لایەنە، زیاتریش ملوانکە بە شـــای ئێکســـسوارەکان دادەنرێ، چونکە بەرچاوترین و کاریگەرترین ئێکســـسوارە،لەو ملوانکانەی زیاتر بایەخیان پێدەدرێ ئەو شێوازەیە کە ناسکیی پێوە دیارە، تەنانەت تەنکە و باریکە ئەو جۆرە لەسەر جەستەدا بە ڕوونی وناسکی دەردەکەوێ، بۆیە بایەخی پێدەدرێ، سەبارەت بە ڕەنگیش، شـــیاوتر دەبێ کاتێك ڕەنگی ئێکسسوارەکانی ملوانکە لە ڕەنگی سپی یان ڕەنگی زیوی کە جوانترین ڕەنگە بۆ ئەو مەبەســـتە، لە مۆدە تازەکانی ملوانکەدا، بایەخ دەدرێ بە بوونی نەخش و نیگاری خوودی ئێکســـسوارەکە، ئەمەش وەك ڕێگەیەك بۆ سەرنجڕاکێشان.



# قەڵای هەولێر بەر لە دوو سەدە



## کراسێک لە بورغی و بزمار



لەلات ئاسـایی بێ کاتێك کەسـێك بە نزیکـت دا تێپەڕ دەبێ و کراسـێکی لەبەر بێ لە بورغی و بزمار دروست کرابێ، بیرۆکەیەکی تازەیە کاتێك جلوبەرگ لە کەرەسـتەی ئاسـن و بەکارهاتوو دروست کرابێ، کوڕە گەنجێك لە وڵاتی ئەمەریکا بە ناوی (ئەندرۆ ئیستۆن) بیرۆکەیەکی سـەیری بە خەیاڵدا هـات و دواتر پەرەی بەو بیرۆکەیە دا تاوەکو ئەنجامێکی هەبـێ، لە ئەنجامدا توانی چەندین لایەن لەو بیرۆکەیە بەدی بکات، دوای ئەوەی کراسێکی دروست کرد لە بورغی و بزمار، تاوەکو مۆدەیەکی سـەردەم بێ و خەڵك بیپۆشـێ و لەبەری بکات، ژمارەی ئەو بورغی و بزمارانەی بەکاری هێناون بۆ دروسـت کردنی ئەو جلە دەگاتە (١٥٠٠) تەنانەت بە جۆرێك دروستی کردووە، بۆ مرۆڤ ئاساییە کە لەبەری بکات.



## تامی خۆشی چای سەر ئاگردان



چـــای وەك خواردنەوەیەکی هێمنکەرەوە و بەجۆش، زۆربەی خەڵك حەزی پێدەکات و تەنانەت هەندێك نەبێ، حەز بە خواردنەوەی ناکات، پێشـــان لە دیوەخان، زیاتر چای و قاوە پێشـــکەش دەکرا، کە ســـەماوەری چای بەبەردەوامـــی ئامادە بوو، زیاتریش لە ماڵەکان ســـەماوەر هەردەم گەرم بوو، ئەو ماڵەی ســـەماوەری ئامادە نەبووایە، بە شتێکی نامۆ دەبینرا، بەر لە پەیدا بوونی سەماوەر، هەردەم چای بە ئاگردان ئامادە دەکرا، چای سەر ئاگردان بەم شێوەیە بوو، کتری چای دەخرایە سەر دوو لچکە دار و بەرز رادەگیرا و بە ئاگرێکی نزم و کە لە دار بوو ئاگرەکە یان ڕەژووی ئامادەکراو هەیە و دواتریش ئاگری لێ دروست دەکرێ، بە هێواشی چاکەی دەکوڵاند و لەگەڵ ئەوەش بۆنی چای سەر ئاگردان زیاتر دەڕوات ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئاگرەکە بۆنەکە بڵاو و پەرت دەکاتەوە، نهێنی خۆشـــی چای سەر ئاگردان نازانرێ و تەنانەت تاوەکو ئێستاش لە بازاڕەکاندا چای ســـەر ئاگردان هەیە، یان لە هەندێك لە چایخانەکان چای بە ئاگردان ئامادە دەکەن، لەوە خۆشـــتر نییە کاتێك چایەکی سەر ئاگردان دەخۆیتەوە، چونکە تام و جۆشێکی نایابی هەیە.

## وەستان لەسەر

ماوەیـــەك بەر لە ئێســـتا هەواڵی ئەو پیاوەمـــان بڵاوکردەوە کە توانی لەســـەر بزمارێك بوەســـتێ و لەگەڵ ئەوەش هیچ کاریگەری لەسەر جەســـتەی ئەو کەسەدا نەبوو، کەچی ئەو جارەیـــان هاووڵاتییەکی چینی بە ناوی (شـــیانگ لیوینك) هەمان نمایشـــی ئەو پیاوەی پێشـــووی دووبارە کردەوە، بەڵام ئەوجارەیان بە شـــێوەیەکی سەیرتر، نمایشی ئەوجارەیان بەر ئەو



وێنە دەتوانێ مێژوو دروست بکات یان تۆمار بکات، چونکە هەندێـــك جار وێنەیەکی مێژوویی یان کۆن دەتوانێ بەرامبەر هەزار وشـــە بێ لە بیر هێنانەوە و زانیاری بەخشین، وەك ئەو پەندەی کە دەڵێ: هەر وێنەیەك هەزار وشەیە ! یەکێك لە وێنە دێریـــن و مێژووییەکان بۆ (٢١٣) ســـاڵ گیراوە لە مەوبەر، ئەویش وێنەیەکی قەڵای هەولێر و شـــاری هەولێرە، مێژووی ئەو وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ ســـاڵی (١٨٠٠) کە بە کامیرای وێنەی ڕەش و ســـپی گیراوە، ئەو کاتە کوردســـتان یان ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا بوو،ئەم وێنەیە تەنیا قەڵای هەولێرە و لە دەوروپشتی چەند خانوویەکی بچووك هەیە، هەروەها کۆمەڵێك خەڵکی کۆچبەر بە وڵاغ و ئەســـپ لە قەڵاوە دەردەچن، هەروەها لە دەوروبەری قەڵا چەند گردێکی گەورە هەبووە و بەڵام بەهۆی گەورەبوونی شـــارەکە و ئەو گردانە نەماون، ئەو وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە دوو ســـەدە، وەك وێنەیەکی مێژوویی بۆ قەڵا و شـــاری هەولێر دەناســـرێ، ئەو وێنەیەش بە کامیرای (داگیرۆتایپ) وەرگیراوە کە لەلایەن زانای جیهانی (لویس داگیرۆ) دروســـت کراوە و چەند وێنەیەکی مێژوویی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی پێگیراوە.



## وێنەکێشان بە چای و قاوە

وادیارە هونەری تازە دەرکەوتووە، کە جۆرە هونەرێکە جێگەی سەرسوڕمان و پڕ بایەخە بەڵام لە قاڵبە هونەرییەکان دەردەچن و لە کار و شێوەی تازە سەرهەڵدەدەن. لە وڵاتی فەڕەنسا کچێکی هونەردۆست، لە چەندین کاری سەیر بیرۆکەکانی سەرهەڵداوە و توانیویەتی کارێکی جوان تۆمار بکات، ئەوکچە ناوی (ڤیڤی ماك)ە و توانایەکی سەیری هەیە لە دروست کردن و وێنەکێشان، بەڵام وێنەکێشانەکەی بە فلچە و بۆیە نییە، بەڵکو لە خواردنەوەکان دروستی دەکات، وەك چای و قاوە و یان خواردنەوە گازییەکانە، لە ڕێگەی ئەو خواردنەوانە دەتوانێ وێنەی کەسایەتییە بەناوبانگ و ناودارەکانی جیهان بکێشێ.

## سەر و سگ!

پیاوە چینییە کەوت کاتێك لەســـەر سەر و سگی لەسەر تەنیا ســـتوونێکی بچووك و باریك وەســـتا بۆ ماوەی (٢) خولەك، بەڵام ئەوەی پێشـــوو تەنیا ماوەی (١٠) چرکە توانی بەرگە بگرێ، بەهۆی بەهێزی جەســـتەی ئەو پیاوە توانی سەیرترین نمایش پێشـــکەش بکات کاتێك بەسەر ســـەر و سگی لەسەر ستوونێکی بچووك وەستا.




## خاوەن درێژترین قژ



یەکێـــك لـــە حاڵەتە ســـەیرەکانی جیهان، درێـــژ کردنی قژە لەلایـــەن هەندێك لە کچان و ئافرەتـــان، هەر یەکە بۆ مەبەستێکی تایبەت، لەوانە بۆ جوانی یان نازناو پەیداکردن یان بۆ بەشداری کردنە لە پێشبڕکێ جیهانییەکان کە بۆ قژ ئەنجام دەدرێ، یەکێك لـــە خەونەکانی ئەو خانمەی کە لە وڵاتی جۆرجیا دەژی ناوی (ئاشـــا مەندێلا)یە و تەمەنی (٤٧) ســـاڵە، بۆ ماوەی (٢٥) ســـاڵە قژی نەبڕیوە و بە هیـــوای ئەوەیە ببێتە خاوەن درێژترین قژ لە جیهان، درێژی قژی دەگاتە (٦) مەتر، لەگەڵ ئەوەشـــدا کێشـــی قژی نزیکەی (١٩) کیلۆگرامە، ئەوەی سەیرە کاتێك ئەو خانمە قژی بشـــوات، ماوەی دوو ڕۆژی دەوێ تاوەکو وشك بێتەوە یان بتوانێ بیشوات، قژەکەی وایکردووە کە ژیانی تەنگ و ئەستەم بێ بەهۆی درێژی قژەکەیەوە.

# ئوتۆمبیلێکی سەراوژێر



دروست کردنی کەرەستە سەیر و جوانەکان، بە جوانترین بیرۆکە دادەنرێ و تەنانەت دەبێتە هەنگاوێکی گرنگ لە بواری داهێنان، کەچی وادیارە داهێنەکانیش شێوەیەکی دیکە دەگرنە بەر و بەمەش حاڵەتێکی سەیر دروست دەکەن، یەکێك لەو کارانە بریتییە لە (لی مۆنز) کە لەلایەن کەسێك بە ناوی (جیف بلۆش)ەوە، ئوتۆمبیلێکی دروست کردووە لە جۆری کامارۆ کە بە شێوەیەکی پێچەوانەیە، ئەو کارە نزیکەی (٤٠) ڕۆژی خایاندووە تاوەکو ئەو ئوتۆمبێلەی دروست کردووە، دوای ئەوەی لە پێشبڕکێ (لی مۆنز) بەشداری کردووە و پلەی یەکەمیشی بەدەست هێناوە.

## وتەی ناوداران



**ئەدۆنیس دەڵێت:**

- دڵخۆشی باڵی هەیە و دەفڕێ، کەچی جەستەی نییە بەڵام دڵتەنگی جەستەی هەیە و دەمێنێتەوە و باڵی نییە کە بفڕێ، ئەوەیە مرۆڤ هەراسان دەکات!

## زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (هەرمێ) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی خوشك لە خێزاندا)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦+٧) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ناوێکی دیکە بۆ هاوڕێ – پێچەوانەی دوژمن)
- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای (خواردنەوەیەکی کوردەوارییە لە مەشکە دروست دەکرێ)
- پیتی خانەکانی (٦+٧)کۆ بکەیتەوە بە مانای (مامۆستایەکی کچ بە زمانی عەرەبی)

## وتە

- گومانی خراپ لە بیری مرۆڤدا وەك بوونی شەمشەمەکوێرەیە لەناو باڵندەکاندا، هەموو کاتێك لەگەڵ نەمانی ڕووناکی و دەرکەوتنی تاریکیدا دێتە دەر و باڵ ڕادەوەشێنێت.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

گفتوگۆ خۆشەکانت، هاوڕێی زیاترت پێ دەناسێنن و دڵشادت دەکەن، ئەم ماوەیە گونجاوە بۆ پەیوەندیی سۆزداری، ئاگاداری باری دەروونیت بە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

زۆر گرنگی مەدە بەهەندێك گرفت کە خەریکە بەرەو کۆتایی دەڕوات، کەسێك پێشنیارێکت بۆ دەکات و پشتگوێی مەخە، لەوانەیە پێشنیارەکەی ئەو لەجێگای خۆیدا بێت.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

کۆنترۆڵی ژیانی ڕۆژانەی خۆت بکە، لەبواری ئیش و کارەکەتدا زیاتر خۆت ماندوو بکە، پێویستیت بەکورتە سەفەرێك هەیە.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەوانەیە بگوازرێیتەوە بۆکارێکی نوێ، چونکە هەست بە بێزاری و بێ توانایی دەکەیت بەهۆی نەگونجانت لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت بەخۆتدا بچۆرەوە.



**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

سەرکەوتنێکی چاك لەبواری کارەکەت بەدەست دەهێنیت، کە دەستکەوتێکی ئابووریی باشی لەگەڵدایە، هەست بەخۆشی و شادی دەکەیت.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

بەپەلە هەڵسوکەوت مەکە چونکە زەرەرمەند دەبیت، هەست بەبێزاری و دڵەڕاوکێ دەکەیت بەهۆی خەون بینینی ترسناکەوە، پشوویەکی درێژ بدە، تادەگەڕێیتەوە باری جارانی خۆت.



# بووک و زاوای بێ قاچ !

دوای ئـــەوەی كوڕ و كچێك كە قاچیان لە دەســـت داوە بەهـــۆی ڕووداو كەوتنـــەوە، لە وڵاتی ئوســـكۆتلەندا هەر یەكە لە (ســـمانتا ریدینگ) و (جۆش واین)، كە كچەكە قاچەكانی بڕاوەتەوە و كوڕەكەش هەر لە منداڵییەوە قاچی كاری نەكردووە، دوای ئەوەی كچەكە قاچێكی دروستكراوی بۆ ئامادە دەكەن و سەر پێ دەكەوێتەوە، هەر یەكە لە كوڕ و كچەكە بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن و ئێستا وەك هاوسەرێك یارمەتی كاری ڕۆژانەی یەكتر دەدەن.

## وێنە و بیر كردنەوە

- لـــەم وێنەیەدا كوڕ و كچێك بەیەكەوەن، هەوڵبدە بزانە وێنە چۆنە و جەستەی كامە ئەوی كامەیە !



## كاریكاتێر




## نوكتە



- یەكێك مەڕێك دەكڕێت و دەیبات بۆ لای قەسابێك، پێی دەڵێ گۆشتەكەی و ســـەرو پێكەی و خورییەكەی و جەرگ و دڵ و ناو ســـكەكەی و هەر هەموویم دەوێت بۆم چاك بكە ! قەسابەكەش دەڵێ ئەی باعە باعەكەیت ناوێ بۆ جەرەسی مۆبایلەكەت !!

- یەكێك خۆی دەهەژێنێ و پێیدەڵێن بۆ وادەكـــەی؟ ئەویش دەڵێ: بیرم چووە شرووبەكەم بهەژێنم و خواردوومەتەوە !

- پاقلاوە فرۆشـــێك لە بازاڕ بانگی دەكرد( پیاز پیاز)، لێیان پرسی چییە بۆ دەڵێیت: پیاز پیاز ئەوە پاقلاوەیە، ئەویش گوتی: دەمەوێ فێڵ لەمێش بكەم تاكو نەزانن ئەوە پاقلاوەیە !



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەخۆبایی مەبە خەڵكانی دەوروبەرت مەڕەنجێنە، بیر لـەڕابـردووی خۆت بكەرەوە، چونكە تۆ كەسێكی چاپووك و دڵسۆزیت، بـاری سۆزداریت ڕوو لەباشییە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

باری دەروونیت لەجاران باشترە، بـەڵام تا ئێستا دوو دڵییت هەر ماوە، بێ گومـان بـە، ژیـانت خۆش دەبێ و دەگەڕێیتەوە سەر باری پێشووت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بەرپرسەكانت لەكارەكەت ڕازیـن، وریـای خۆت بە لەهاوڕێیەكی دووڕووت كـە خـەریـكـە گـۆبـەنـدێكـت بۆ بنێتەوە.

### گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئـــاگـــاداری پێد ا و یستیە كا نی خۆت بە، تواناكانت زیاترن لـەتـوانـای كـەسـانی تـر كە لەگەڵت كاردەكەن، لەوانەیە هاوڕێكەت دژایەتیت بكات.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەشداری كردنت لەكۆڕو كۆبوونەوەكاندا سوودێكی زۆرت پـێدەگـەیـەنـێت و دڵخۆشت دەكـات، دەتوانیت پێشبكەویت لەكاردا بەهۆی زیرەكی و خۆماندوو كردنت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

زۆر بـــەگـــرانـــی گرفتەكانی ئابووریت وەرمـەگـرە، پێویستە لەسەرخۆبیت و دان بەخۆتدا بگریت، لەهەندێك گۆڕانكاری كە ئەنجامی دەدەیت سەردەكەویت.